هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣٤

سالی/ ٢٠٠٤ – بەرگی سی و چوار

---

چاپی یەکەم/ سالی ٢٠٠٤

# پێڕیست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٠) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٢/٥ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤١) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٣/٤ ل٢٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٢) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٦/١٧ ل٥٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٣) خولی گواستنەوە – دوو شەممە ٢٠٠٤/٦/١٩ ل٨٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٤) خولی گواستنەوە – یەك شەممە ٢٠٠٤/٧/٤ ل١٥٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٥) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٧/٢٤ ل١٥٨

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٦) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٨/٧ ل١٨١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٧) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٢ ل٢٠٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٨) خولی گواستنەوە –سێ شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٨ ل٢٤٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٩) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/٥ ل٣٠٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٠) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/١٢ ل٣٤٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥١) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/٣ ل٣٧٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٢) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/١٠ ل٤٤٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٣) خولی گواستنەوە – چوارشەممە ٢٠٠٤/١١/١٧ ل٤٧٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٤) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/١١/٢٠ ل٤٩٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٥٥)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٩/ ٢٠٠٤/١٢ ل ٥٣٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٦) خولی گواستنەوە – شەممە ١٥/ ٢٠٠٥/١ ل ٥٥٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٥٧)خولی گواستنەوە – یەك شەممە ١٦/ ٢٠٠٥/١ ل ٥٨٨

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٥٨)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٧/ ٢٠٠٥/٤ ل ٥٩٠

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان - العراق

رقم الإصدار:

تاريخ الإصدار:

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١)لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان- العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٤ تشريع القانون الآتي:

**قانون رقم( )لسنة ٢٠٠٤**

**قانون التعديل الأول لقانون تقاعد أعضاء المجلس الوطني**

**لاقليم كوردستان-العراق رقم(١٣)لسنة ١٩٩٩**

**المادة الأولى:**

تعدل الفقرة(أ) من المادة الثانية من القانون وتقرأ كالآتي:

أ- يتقاضى رئيس المجلس ونائبه والسكرتير والعضو عند انتهاء عضويته أو فقدانها راتباً تقاعدياً شهرياً مقداره( ٧٥٪)مما يتقاضاه اقرانه المستمرون في المجلس من مجموع الراتب والمخصصات شهرياً.

**المادة الثانية:**

تعدل المادة الخامسة من القانون وتقرأ كالآتي:

يستقطع من راتب العضو شهرياً الحصة التقاعدية وفق النسب المبنية في القوانين النافذة.

**المادة الثالثة:**

تعدل المادة السادسة من القانون وتقرأ كالآتي:

في حالة وفاة العضو المتقاعد يستحق الورثة الراتب التقاعدي بموجب القسام الشرعي الخاص بالمتوفي.

**المادة الرابعة:**

تلغى المادة السابعة من القانون ويعدل تسلسل المواد وفق ذلك.

**المادة الخامسة:**

لايعّمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة السادسة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

د.روژ نوری شاویس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان- العراق

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، پرۆژەی ئەم یاسایە ئاراستەی هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی دەكەین، بڕگەی سێیەمی دانیشتنی ئەمڕۆمان خستنەروو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسایی خانەنشینی كەسانی خاوەن پلەی تایبەت و بەڕێوەبەرە گشتییەكان، لیژنەی یاسایی فەرموون تكایە.

**بەڕێز شێروان حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژەیە بە ڕێكوپێكی دیراسەت نەكراوە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە ولەبەر ئەوەی هەندێك بڕگەی گرنگی تیادایە و پێویستی بە دیراسەت كردن هەیە، بۆیە ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی داوای دواخستنی گفتوگۆی ئەم پرۆژەیە دەكەین، بۆ ئەوەی بەتوانین بە شێوەیەكی ریكوپێك تر دیراسەتی بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێزان لیژنەی یاسایی داوای دواخستنی گفتوگۆی ئەم پرۆژەیە دەكەن، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە دواخستنەكە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە... سوپاستان دەكەین ... ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرز كەنەوە... سوپاس... كەواتە بە گشتی دەنگ دواخستنی گفتوگۆ كردنی ئەم پرۆژەیە دواخرا بۆ دانشتنێكی تر، بەڕێزان بەم شێوەیە كۆتایی دێنین بە دانیشتنی ئەمڕۆمان، بۆ دانیشتنی داهاتوومان ئاگادارتان دەكەینەوە، زۆر سوپاستان دەكەین.

**كاكەرەش نەقشبندی**
**سكرتێری كاتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی عێراق**

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی عێراق**

ئەندامی لیژنەی دارایی بفەرموون بێنە سەر منەصەکە، خاڵی دووەمیش خستنەڕوو و گفتوگۆکردنە لەسەر پرۆژەی یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٩٩، تەعدیلەکە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و ئێستا موناقەشەی دەکەین، لەبەر ئەوە تکایە دیباجەکە و ماددەی یەکەم بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

ئێستا دەقی ماددەی یەك و دیباجەکەتان بۆ دەخوێنمەوە.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان - العراق**

**رقم الإصدار:**

**تاريخ الإصدار:**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١)لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان- العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٤ تشريع القانون الآتي:

**قانون رقم( )لسنة ٢٠٠٤**

**قانون التعديل الأول لقانون تقاعد أعضاء المجلس الوطني**

**لاقليم كوردستان-العراق رقم(١٣)لسنة ١٩٩٩**

**المادة الأولى:**

تعدل الفقرة(أ) من المادة الثانية من القانون وتقرأ كالآتي:

أ- يتقاضى رئيس المجلس ونائبه والسكرتير والعضو عند انتهاء عضويته أو فقدانها راتباً تقاعدياً شهرياً مقداره(٧٥٪)مما يتقاضاه اقرانه المستمرون في المجلس من مجموع الراتب والمخصصات شهرياً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر ئەو فەقەرەیە هیچ تێبینیمان نییە، تەنها بە نیسبەت صیاغەوە تێبینیەکی بچوکمان هەیە، ئەویش ووشەی (يتقاضى اقرانه المستمرون في المجلس) ئێمە پێمان باشە ئەو وشەیە هەڵبستێ تەنها (مقداره(٧٥٪) من مجموع الراتب والمخصصات شهرياً.).

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ نەصی ماددەکەین و تەعدیلەکەی بەڕێزانی لیژنەی یاسای کە وتی لە جێی خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبکەنەوە بۆ ئەوەی ناویان بنووسین، فەرموو نەهلە خان.

**بەڕێز نەهلە محمد سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو فەقەرەیە وشەی (یتقاضی اقرانە المستمرون فی المجلس) بمێنێ، چونکە ئیحتیمال هەیە بگۆڕدرێ و لێرە تەئکید دەکاتەوە کە چەند وەردەگری لە (٧٥٪) ئەوەی کە ئەوان وەردەگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ابراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بە تەصوری من ئەوە بە روونی باس بکرێت کە ئەو شەملی کێ دەکات، عەجەبەن ئەسەرێکی رەجعی هەیە بۆ ئەوانەی پێشتر یا تەنها بۆ ئەوانەیە کە چ ئاخر راتب وەربگرێت تەقاعودەکەی ئەوەیە، یان بۆ ئەوانەی پێشتریشە، چونکە زۆر برادەران هەنە کە تەقاعود بوونە ئەو پرسیارە لە ئێمە دەکەن، ئینجا ئەگەر لە نەصەکە شتێکی وازیح هەبێت کە وەزعی خۆیان بزانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بەڕێز شێخ عبدالکریم فەرموو.

**بەڕێز شێخ عبدالکریم حاجی کاکە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مولاحەزەی کە ئێستا عەرزی جەنابتانیان کرد ئەوانەی کە ئەسەری رەجعیەت، دوو ئەوە عیلاقەی بە مەسەلەی معاشیەوە هەیە، ئێستا مەسەلەن ئەندامێکی پەرلەمان دوو هەزار دۆلار وەردەگرێت کێ ئەڵێ پاش سێ ساڵی تر ئەو دوو هەزارەی ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکەکان نابێتە دە هەزار دۆلار، لەبەر ئەوە ئەو فەقەرەی تێدا بمێنێتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک امین مولود ئەو خەبیری ئەو جۆرە تەقاعودانەیە.

**بەڕێز محمد امین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی مانەوەی وشەی (اقران)ەکە لە جێی خۆیەتی، کە بەراستی ئەسعاری عوملە لە گۆڕین دابێ، ئێستا کێشە دروست بووە لەوەی کە کابرایەك تەقاعودی کۆن بووە ئێستا کە وەری دەگرێت ئەوە رەچاو نەکراوە، لەبەر ئەوە من بەلامەوە باشترە کە بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك حەمە علی.

**بەڕێز حەمە علی تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا لە یاسای پەرلەماندا راتب نەهاتووە وەکو بۆ مەعاشی ئەندامی پەرلەمان، پێی دەڵێن موکافەئە، ئینجا ئەگەر تەعدیلێك لە یاساکە بکەین، چونکە لێرە بەراتب هاتوو و لەوێ بە موکافەئەیە، ئیحتمال هەیە ئەوە تەعاروزێك هەبێ لە نێوان ئەو بڕیارەو ئەو یاسایەی کە لە ئەصڵدا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من کەدەڵێم صیغەکە بگۆڕین، چونکە ئەندامی پەرلەمان کە تەقاعود دەبێ لەسەر راتبی خۆی تەقاعود دەبێ، لەسەر (اقرانە المستمرون فی المجلس) تەقاعود نابێ، ئەو راتبەی کە خۆی وەریدەگرێ، بۆیە ئەوەمان پێشنیار کرد، ئەوە یەك دوو بە نیسبەت ئەو (٧٥٪) ئینجا ئایا ئەندامی پەرلەمان دەگرێتەوە ئەوانەی تەقاعود بوونە یان نا؟ ئێمە نەصێکمان پێشنیار کردووە ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان موافق بن بە ئەسەری رەجعی هی ئەوانیش لە (٧٥٪) حسابی بکەین، بەنیسبەت ئەوەی کاك علی دەڵێ لە هەموو قانونەکە راتب هاتووە، موکافەئە نەهاتووە، موکافەئە لەیەك شوێن هاتووە دەڵێ شەش مانگ راتب وەردەگری وەکو موکافەئە تەنها، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟ فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن برادەران روونیان کردەوە، بەتایبەتی کاك شێخ کریم، خۆی مەوزوعی ئەو راتبەی تەقاعودی مەفروز نییە تەسبیتی بکەین سەد لەسەد ئێستا، لەوانەیە لە ناحیەی ئیقتیصادی فەترەیەکی تر ئەو راتبە تەقاعودیە دەبێتە شتێکی زۆر زۆر کەم کەشیاو نەبێ بۆ ئەندامێکی پەرلەمان ئەگەر تەقاعود کرابێ، لەبەر ئەوەی مانەوەی ئەو (اقرانە المستمرون) هەبێ باشە با راتبەکەش موتەغەیر بێت، ئەقرانی زیادیان وەرگرت با تەقاعودیەکەی ئەویش زیاد بێت، هەروەکو خۆی بوو و کەمتریش بوو مانع نییە، ئەو کاتی بە پێی ناحیەی ئیقتیصادی بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگیرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی قانون، هی ئەنجومەنی وەزیران چۆنە؟ ئەقران و ئەوانەی تێدایە یان نا؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

نەخێر ئەوەی ئەمن بیزانم تێیدا نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك امین خۆی مسودەکەی نووسیبوو، ئەو دەزانێ با وەڵامی ئەو پرسیارەمان بداتەوە.

**بەڕێز محمدامین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ تیایەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەوەی تێبینی هەیە، قسەیان هەیە با بفەرموون، کەس تێبینی نییە، رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە رای خۆمان دا و را رای ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە رای لیژنەی یاسا دەیخەینە دەنگدانەوە، یانی موفتەرحی لیژنەی یاسایی دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پێشنیاری لیژنەی یاسایی پەسند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە. سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە. بە زۆربەی دەنگ پەسند نەکرا، کەواتە ماددەکە دەیخەینە دەنگدان وەکو خۆی ماددەی یەکەم وەکو خۆی دەیخەمە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە. سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە. بە زۆربەی دەنگ ماددەی یەکەم پەسند کرا، ماددەی دووەم.

**بەڕێز شێروان ناصح:**

**المادة الثانية:**

تعدل المادة الخامسة من القانون وتقرأ كالآتي:

يستقطع من راتب العضو شهرياً الحصة التقاعدية وفق النسب المبنية في القوانين النافذة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ تێبینی نییە دەیخەینە دەنگدان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دوو پەسند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە. سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە. ماددەی دوو بە گشتی دەنگ وەرگیرا. ماددەی سێیەم.

**بەڕێز شێروان ناصح:**

**المادة الثالثة:**

تعدل المادة السادسة من القانون وتقرأ كالآتي:

في حالة وفاة العضو المتقاعد يستحق الورثة الراتب التقاعدي بموجب القسام الشرعي الخاص بالمتوفي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تێبینی هەیە لەسەر ماددە سێ؟ فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەستکاری کردنی ماددەی ئەصڵی نین، ئەوەی کە لە مەشروعەکە هاتووە کە حصەی تەقاعودی بە گوێرەی قەسامی شەرعی ئێمە بە پەسندی نازانین، لەبەر ئەوەی حصەی تەقاعودی عادەتەن

بەگوێرەی ئەحکامی قانون تەقاعودی مەدەنی دەدرێت، چونکە ئەو مەبادیئەی لە قانونی ئەحکامی مەدەنی هاتووە غەیری ئەو مەبادیئەیە کە لە قەسامی شەرعی هاتووە و تەعاروزەکی زۆریش هەیە لە نێوان هەردووکیان، بۆ نموونە ئەندامی پەرلەمان کە لە ژیاندایە منداڵەکانی حصەی تەقاعودی وەردەگرن هەتا کولیەی تەواو دەکەن ئەوە ئەگەر هاتوو حسابی بۆ بکەن بە گوێرەی ئەحکامی تەقاعودی مەدەنی، کە مەکتەبی تەواو کرد تەقاعودیەکەی دەبڕێت، بەڵام بە گوێرەی قەسامی شەرعی ئەوە بۆ منداڵەکانی دەگوازێرێتەوە بۆ منداڵی منداڵی دەگوازرێتەوە، ئەوەش بەراستی مەنتیقی نییە و مەعقول نییە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە بە گوێرەی ئەحکامی قانونی مەدەنی بێت، نەوەك بە گوێرەی ئەحکامی شەریعەی ئیسلامی وقەسامی شەرعی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە؟ فەرمووکاك امین.

**بەڕێز محمد امین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ قسەکانی کاك شێروان دام، بە پێی قەسامی شەرعی حصەصی تەقاعودی تەوزیع ناکرێ، قانونێکی تایبەتی هەیە کە حصەص چۆن ئینتیقال دەکات و چۆن دەردەکرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قانونی تەقاعودی مەدەنی، لەوانەیە ئیعتیماد لەسەر قەسامی شەرعی دەکات، بەڵام ئەوە نەفەقەیە ئەوەی کە کاك شێروان فەرمووی، هەندێك کەس بە پێی قانونی تەقاعودی ئەگەر لە مەجالێکی موعەین بێت مەحرومە لە حقوقی تەقاعودی، باوکە کە بۆی ئینتیقال ناکات، بۆ نموونە ئەو کچەی کە مێردی کردبێ ئەو کوڕەی کە عومری لە بیست و چوار زیاتر بێت، یان کولیەی تەواو کردبێت، مەوزوعەکە لەسەر ئەو ئەساسەیە، بەڵام ئەگەر هاتوو بێ قەسامی شەرعی بێ لە هەردوو لا دەبێ قەسامی شەرعی بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگیرێ، چونکە قەسامی شەرعی تەحدیدی وەرەسە دەکات، بەڵام بەپێی قانونی تەقاعودی دەبینی ئەوەندەیە هەندێك وەرەسە هەیە مەحروم دەبێ لە حقوقی تەقاعودی و هەندێکی هەیە مەحروم نابێ بە پێی قانونەکە تەبعەن ئەوەش مەتروکە بۆ جەنابتان ئەولابێت یان ئەولا ئەوە مەتروکە بۆ پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی مەفروزە هەر تەقاعودیەك بەپێی ئەو قانونە بێت کە سائیدە، ئێمە قانونێکی تەقاعودیمان هەیە ئەبێ تەقاعودی بە پێی ئەو قانونە بێت کە پەسندە و لەسەری ئەڕۆین، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قەسامی شەرعی لەبۆ تەسبیتی وەرەسەیە فەقەت، لە بۆ تەسبیتی حصەص نییە بە نیسبەت ئەحکامی تەقاعودی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئیقتراحتان چییە؟ بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح:**

ئێمە لەگەڵ ئەصلی ماددەکەین کە وەکو خۆی بمێنێتەوە ئەو تەعدیلە نەیەتە سەری و بە پێی ئەحکامی قانونی مەدەنی بە تەعدیلی پێشوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پێشنیاری لیژنەی یاسایی پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، یەك ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکات، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێیەم لێرە لەغو کرا، ماددەی چوار دەبێتە ماددەی سێ، تکایە بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

ماددەی چوارەم: تلغى المادة السابعة من القانون ويعدل تسلسل المواد وفقاً لذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتیش دەخوێنمەوەو رەئی لیژنەی قانونیش دەخوێنمەوە، بەنیسبەت ماددەی حەوت دەڵێ: (تسري على عضو المجلس أحكام قانون التقاعد المدني رقم (٣٣) لسنة (١٩٩٦) المعدل في ما لم يرد نص في هذا القانون)، یەعنی مەسەلەی حصەصی شەرعی و حصەصی ئەحکام قانونی تەقاعود مەدەنییە، بۆیە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ئەو پێشنیارە، پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگدانەوە، چونکە تێبینی نەبوو، کاك شێروان تێبینیت هەبوو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم نەبوو، بەس بەرەئی من بیکەینە برگە یەك، برگە دوو ئەو فەقەرەیەی دابرێژین، کە ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی پێشتر تەقاعود بووە، ئەو لە (٧٥٪)ە بیانگرێتەوە، چونکە لێرە جێگای دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە برگەیەك زیاد بکرێت لەسەری، جارێ بۆ ئەم ماددەیە یەکە یەکە با ئەو ئیشە بکەین، جەنابتان دەتانەوێ ماددەی پێنج، ماددەی چواریش نەمێنێ، وا نییە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڵێ ماددەی چوار خۆی یەك فەقەرەیە فەقەت، بیکەینە دوو فەقەرە، فەقەرە یەکی وەکو خۆی بمێنێتەوە، فەقەرەی دووەم بڵێین بۆ نموونە (تسري أحكام هذا القانون على أعضاء المجلس المحالين على التقاعد قبل نفاذه)، شتێکی وا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا هەموو ماددەکە جارێکی تر بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت فەقەرە یەكی ماددەكە بەو شكلە دەبێت:

أ-تسري على عضو المجلس أحكام قانون التقاعد المدني رقم (٣٣) لسنة (١٩٦٦) المعدل في ما لم يرد نص في هذا القانون)، ئەوە فەقەرە یەكی ماددەكە.

فەقەرە دووش بەم شێوەیە دەبێت:

(تسري أحكام هذا القانون على أعضاء المجلس المحالين على التقاعد قبل نفاذه)،

(قبل نفاذ هذا التعديل) ئەویش دەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەس ئەوە تۆزێ ئیشمان لێ تێك دەدات، لە ناحیەی صیاغەوە ئیشمان لێ تێك دەدات، تۆزێك بیری لێ بكەینەوە باشترە وا بزانم، مەسەلەن ئەوە بووە ماددەی سێ، خۆی ماددەی چوارە بووە ماددەی سێ، مەسەلەن ئەگەر بڵێین (تضاف إلى المادة السابعة من القانون فقرة ب) بەم شكلە مەسەلەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە مەشروعەكە ئیلغای ماددەكە هاتووە، ئێمە داوا دەكەین مەسەلەن ماددەكە تەعدیل بكرێت ببێتە دوو فەقەرە، فەقەرەی یەكەمی ئەصلی ماددەكە وەكو خۆی دەمێنێتەوە، فەقەرەی دووەمیشی ئەم ئیزافەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێدەگەم، بەس خۆ دەبێت لێرە لە صیاغەكەتان ئیشارەت بەوە بدەن، كە ماددەی حەوت فەقەرەیەكی بۆ زیاد دەكرێت، یەعنی (تضاف فقرة إلى المادة السابعة على الشكل الأتي).

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازەمان بدەی نەصی ماددەكە بخوێنمەوە: تعدل المادة السابعة وتكون اصل المادة الفقرة الأولى لها وتضاف إليها فقرة أخرى بتسلسل (٢) وتكون كالأتي:

(تسري أحكام هذا القانون على المتقاعدين من أعضاء المجلس قبل نفاذ هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، زۆر چاكە، كاك ئەمین تێبینیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد امين مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر نەصەكە وا بێت، مانای وایە رەواتبی پێشووشیان دەبێت ئەو فەرقەیان بدەیتێ، بە رەئی من ئەگەر بڵێین (تسري أحكام هذا القانون على المتقاعدين السابقين اعتباراً من تاريخ نفاذ هذا القانون)، یەعنی لەو مانگەوە كە قانونەكە دەردەچێت، تەعدیلی مەعاشەكەی ئەوانیش دەكرێت، ئەگەر بەو نەصەی ئێستا هەیە وا بێت، مانای وایە مەعاشەكەی پێشووشیان وابێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە تەنفیزەکە دەڵێ (ینفذ هذا القانون اعتباراً من تأریخ صدوره وینشر في جریدة وقائع کوردستان)، راستە یەعنی ئەوە مەسەلەن ئەسەری رەجعی هەیە، بەڵام تەنفیز کردنەکەی لە دوای تەصدیق کردنیەتی لێرەیە، وازیحە ئەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی وەکو کاک شێروان فەرمووی، ئەو مەعاشەی ئەوان تەعدیل دەبێت پاشی نەفازی قانونەکە، نەك ئیستیحقاقی ما سەبەق، تەسری ئەحکام بۆ تەعدیلی راتبەکەیتیان (یعدل راتبهم إلى ٧٥٪)، نەك کۆنەکەی وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە، کاك ئەمین مەولود هیچ تێبینیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر ئەو رەئیەی خۆمم، کە بەڕاستی دەڵێت (تسري أحكام)، مانای ئەوەیە پێشووش دەگرێتەوە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس وازیحە، دەڵێ تەنفیزی ئەم یاسایە لە تاریخی بڕیاردانەوە دەکرێت، تەنفیزەکەی، جێ بەجێ کردنەکەی، یەعنی مەعاشی تازە بەپێی ئەم یاسایە لە ئەمڕۆوە دەکرێت، نەك مەعاشی تازە لە پێش ئیمڕۆوە بێت، فەرموو کاك شەمائیل.

**بەڕێز شمایل ننۆ بنیامین:**

**السيد رئيس المجلس المحترم.**

أنا أويد رأي الأستاذ أمين، صحيح من تاريخ التنفيذ، ولكن إذا انتم تنطي حق في المادة اللي قراءها أستاذ شيروان، تاريخ تنفيذ راح ينفذ ذاك الحق اللي جايبه المادة الثانية، يعني ممكن بأثر رجعي يستحق من تاريخ التنفيذ، لكن إذا ما أنطت حق في المادة الثانية، شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەصەکی وازیح تر بنووسن باشترە، با ئیلتیباسی تیادانە بێت، فەرموو کاك ئەمین.

**بەڕێز محمد امین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانین بڵێین (تسري أحكام هذا القانون على الاشخاص المحالين على التقاعد قبل تنفيذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نفاذ هذا القانون)، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە بیخوێننەوە زەحمەت نەبێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش تەعدیلەکە فەقەرەکە بەو شێوەیە بۆتان دەخوێنمەوە:

فەقەرە دوو: (تسري أحكام هذا القانون على المتقاعدين من أعضاء المجلس وتعدل رواتبهم اعتباراً من تاريخ نفاذ هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە فەقەرەکە بەم شێوەیە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ پێشنیاری لیژنەی یاسایی وەرگیرا، زۆر سوپاس، ماددەی پێنجەم کە ئێستا چوارەمە تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی پێنج پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی پێنجەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەشەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الماده السادسه دەکاتە ماددەی پێنج: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەوە، جا ئەو ماددەیە (من تاريخ نشره)، ماددەیەکی ئەوەندە موستعجەل و زەرووری و حیاتی نییە، کە ئینسان بڵێ لە تاریخی وەرگرتنی، بەڵکو لە (تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان)، ئوسوڵی وایە، تکایە جارێکی تر بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی شەش کە ئێستا بووە بە پێنج پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، هەموو یاسایەکە دەخەمە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو یاسایەکە پەسند دەکەن بەو شێوەیەی کە گفتوگۆی لەسەر کرا دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ یاسایەکە پەسند کرا، زۆر سوپاس.